شیعر




لەتیف فاتیح فەرەج

# خوداوەند تاریکی نییە




خودا هەموو سپێدەیەک
سەرچاوەی ئەو ئاوە پاک دەکاتەوە
ئاشقان لێی دەخۆنەوە
ئەو سبەینان دێت و دەموچاوی
هەموو ئەو دار و درەختانە دەشوات
تا بەرەبەیان بۆ پیری سروشت گریاون
خودا چاو لە منالانی شەقام دادەگرێ
منالانی برسێتی
منالانی عەودالی نان
منالانی خەیاڵ
پڕ دەستەکانیان دەکات لە نوقڵی ترش و شیرین و..
دەست بە قژیاندا دێنێ
خودا لە شێوەی چرایەکدا خۆی دەکا بە ماڵە
تاریکەکانی هەژاریدا و..

پەنجەرەی ماڵەکانیان پڕ دەکات  لە بۆنی ژیان
خودا پەیتا پەیتا
شەیتان لە دڵەکان دەردەکات و
دەیەوێت تفەنگی دەستەکان بوەرێن
تا گوڵ بپشکوێ
خودا لە دوورەوە سەیری کەس ناکا
لە ئاسمانەوە سەیری کەس ناکا
ئەو بەرەبەیانێک لە مەقادیشۆیە و
چێشتەنگاوێک لە دارفۆر و
دەمەونیوەڕوانێک لە دیاربەکر و..
عەسرێک دەچێتە کابوڵ
تا نەهێڵێ کچە عاشقەکان بکوژن
کچانی بێ سەرپۆش
کچانی نەوەی مانگ
کچانی نەوەی رووناکی
کچانی نەوەی ژیان
خودا رقی لەو سەرپۆشانەیە
هەموو جوانییەک لە زیندانێکدا
گیرۆدە دەکەن و
ناهێڵن تاڵ تاڵی بسکەکان
بە دەم باوە یاری بکەن
خودا هەموو ئێوارەیەک بۆ ئەو پیرەژنانە
تێر تێر دەگری
چیتر کوڕەکانیان نایەنەوە
چیتر گوێیان لە دەنگی دایە نابێ
تا بڵێن گیان



چیتر لە پشت کورەکانیانەوە
تەماشای ئاوێنە ناکەن
بڵێن ژیان هەیە
خودا دۆش دادەمێنێ و
چیتر نایەوێت
جەنگاوەری ئازا و
پاڵەوانی شەڕ و
داهێنەری چەک ببینێ
خودا بە جەنگاوەر دەڵێ:
تێر لە ئاوی ئاشتیدا خۆت بسمیل کە
ئیدی بە تەنیشت هیچ ڕووبارێکی شەڕدا
ڕێ مەکە
تا گوڵەکانی باخچە نەترسن
خودا شەوانە بیر لە پەشیمانی خۆی
دەکاتەوە
ئەم جەنگاوەرانەی بۆچی بوو
لەبەر زۆرییان ڕێ نییە خۆشەویستی
بگەڕێتەوە ناومان
خودا بە دارلاستیکی تووڕەیی
یەک یەک جەنگاوەرەکانی خۆی
دەپێکێ
بەردی بچووک بەو پەرەسێلکانەدا
دەنێرێ بۆ کوشتنیان
تا زەوی سەرخەوێک بشکێنێ
ئەو دەڵێ جەنگاوەر نەبێت
باران ناتۆرێ



ئاسمان خۆی بەجبەی وشکەساڵی
ناپێچێتەوە
ئەو دەڵێ جەنگاوەر نەبێت
گەڵا وەریوەکانی پایز نابنە گوللەی وێڵەوە
خودا وەکو ئاشقێک
باوەش دەکات بەزەویدا و
دۆڵ و نسێکانی پڕ دەکات لە هەناسەی
ئاو
بە پەنجەکانی رووبار بەرەو لێوە وشک هەڵاتووەکانی
بیابان رادەکێشێ
تا ئێسک و پروسکی گوڵە ئەنفالەکانی
گەرمەسێر ببنەوە نێرگزەجاڕ
خودا خەیاڵ دەبیاتەوە
ساڵانی زەرد و سووری دەشت
ساڵانی ژیان
ساڵانی راکردن لەگەڵ تیشکی خۆردا
ساڵانی بەر لە هەشتا و هەشت
خودا ناسکتر لە پەڕەی گوڵ
دەڕوانێتە ژیان
ئەو دەزانێ جەنگاوەرەکان
بە کوێدا تێپەڕن
دەبێتە خەرابات
ئەو چی دی نایەوێ گوێی لە تەپەتەپی
پێی جەنگاوەرەکان بێت
کاتێ دڵی مێژوو دەکولێتەوە

